# تەمەن.. خەمی ئایندەی کچان



***نەجات روستی - سلێمانی***
**Darbiz11@hotmail.com**

لەکەشێکی داخراوی وەك کۆمەلگای‌کوردەواری ,ئەستەمە تاك بتوانی بەئاشـکرا بـاس لەکێـشەوگرفتەشاراوەکانی خـۆی بکـات ,بەتایبەتی ژنانی بە شەرم داپۆشراو,رەنگە ئەم شەرمە وببیتەدواکەونی پرۆژەی‌ئایندەی تاکەکانی نیو جڤاك وا لە هەنـدێکیان بکات پەنابەرنە بەرچەند کارێك کەلە دوارۆژ دەبێتـە هۆی‌کێـشەوگرفت نانـەوە,سەرئێـشە لەگـەڵ بەرامبەرەکـەی وببیتـە هـۆی لەبەر یەك هەلوەشاندنەوەی ژیانی‌ئاسایی.لـە خێزانێکـی گـەورەی کـوردەواری کـوڕ بەبێ‌ـشەرم خواسـەتەکانی‌دەرئەبڕی وەك مافێکی رەوای خۆی,ئیتر نایەوێ بەتەنیا بژی ,دەیەوی‌لەگەڵ کەسـێکی ترمـاڵ دروسـت بکـات و بـەرو ژیـانی داهاتووی‌خۆیـان برۆن ,بەرپرسانی‌خێزان بەخۆشیەوە ,خواستەی قبولّ دەکەن, بە هەموو شێوەیەك پاڵپشتی لەداواکـەی دەکـەن تـا بـۆی جـێ بەجێ دەکەن . بەلاّم شەرم وەك دێوەزمەیـەك نـاهێڵێ کـچێك وەك کوڕکـە ئـەویش مرۆڤـەو هـەمان هەسـت ونەسـتی هەیـە بـە ئاسانی بە گەورەی خێزان بلّێ شوو ئەکەم , رێگای بەردەمم بۆ والاّ بکەن و زەمینەم بۆ خـۆش بکـەن ,لـە هەنـدێ خیـزان بـە ئاسانی وەردەگرن بەلاّم لە هەندێکی‌تربە جۆرێکی تر وەریدەگرن. بۆی هەولّ نادەن وەك بۆ کوڕە هەولّ ئەدەن یان زەمینێکی وەهای بۆ درووست ناکـەن کـە بێتـە دەرەوەولـە کۆڕوکۆبوونـەوەکان وناوەنـدە رۆشـنبیری‌و هونەریـەکان بەشـداری بکـات بـۆ ئەوەی‌کە مەبەستییەتی دەستە بەری بکات ولەگەڵ کەسێکی تر پەیام بگرێ و باس لە ژیانی داهاتویان بکەن , بۆیە زۆریان لە ماڵە باوان دەمێننەوەو چاوەڕێی قەدەردەکەن ئاخۆ بەرەو کوێیان دەبات .ئەوان کە زۆربەی کاتی ژیانیان لە نێو چوار دیواری ماڵەوە بە رێ ئەکەن , هەر کەسێ بێتە داوایان ڕازی ئەبن ژیانی هاوسەریان لە گەڵ دروست بکـەن .بۆیـە دوای ئـەنجام دانـی پرۆسـەی بـە هاوسـەر بـوون لـە ژیـانی تایبـەتی هاوسـەریان سـەرکەوتوو نـابن کێـشە لـە نێوانیـان دروسـت دەبـێ و لەگـەڵ هەڵسووکەوتی یەکتری هەڵناکەن لە یەکتری جیا دەبنەوە جارێکی تر دەگەرینەوە نیوچواردیواری ماڵە باوان, سەرەڕای بوونی ئەم کێشانە لە نێو هەندێ لە کچەکان پەنا بۆ کارێکی تر دەبەن  کە نازانن ئەم کارەیان لە دوارۆژ چەن زیانان پێدەگەینێ. لـە چەند هەفتەی ڕابردوو لە دادگای سلێمانی چەندمەلەفێکم بەرچاوکەوت کە هەموویان دۆسیەکەیان هـی ژنـان بـوو بـە تایبـەتی

کچانی تەمەن مام ناوەندی یان بلێین قەیرە کچەکان لە نێو فایلەکانیان داواکانیان لەیەك داواکاری خۆیان دەبینیەوە.ئەویش بچوك کردنەوەی تەمەنیان بو..بۆ ئەوەی جارێکی تر بە دوای هاوسەریان ڕابکەن و ئەوانەی دەیانەوێ ژیانی هاوسەریان لە گەڵ دروست بکەن لە تەمەنیان نەسلێنەوە .دوای ئەوەی ئەو مەلەفانەم بینی ویستمان لە نزیکەوە خاوەنی ئەم مەلەفانەببینین , زۆر هەولماندابەلام زۆربەیان ئامادەنەبون باسی داواکەیان بکە .لە ڕۆژی چاو پێکەوتنیان لەگەڵ دادوەر ئامادەبوم  بزانم بۆچی تەمەنیان بچووك ئەکەنەوە یەکێ لە کچەکان تەمەنی لە سەرووی سی ساڵیەوە بوو دەیویست تەمەنی شەش ساڵ بچووك بکاتەوە ئەیوت باوکم بە گەورە ناوی منی تۆمار کردوە ئەوە ئەسڵی تەمەنی خۆم نیە . دادوەریش بەم قسانەی بڕوای نەدەهێناو. وەداواکەی ڕەت دەکردەوە . هەر لەوێ فایلی چەندین کچی ترم بینی هەمان داوایان تیادا تۆمار کردبوو دیار بوو زۆربەی داواکان لە لایەن دادوەر ڕەت دەکرانەوە . لە یەکێ لەو کچانەم پرسی کە داواکەی رەت کرابووە,کە بۆچی تەمەنیبچووك دەکاتەوە بە شەرمەوە ووتی ئاخر غەدریان لیٚ کردووم تەمەنیان بە گەورە تۆمار کردووم یەکی تر کە لەگەڵ ئەو دابوو بە بیٚ پێچ و پەنا ووتی بۆ ئەوە بچووك ئەکەینەوە کە شوو بکەین چونکە هەر کەسیٚ دێتە داوامان کە تەمەنمان دەزانێت دەکشێتەوە, هەر لەوێ کوڕێکم بینی کە سەرقاڵی کێشەی خۆی و خێزانی بوو فایلەکەی داوای جیابوونەوەی تیادا تۆمارکرابوو, لەگەڵ هاوسەرەکەی کە لێمان پرسی بۆچی جیادەبنەوە ووتی کاتیخۆی پێی ووتم تەمەنم بیست و شەش ساڵە کەچی دوای گواستنەوە بۆم دەرکەوت کە هەشت ساڵ لە خۆم گەورە ترە لە سەرەتاوە درۆی لەگەڵ کردووم هەشت ساڵیش زۆرە بۆیە داوای جیا بوونەم کردوە , ئەمە چەند نموونەیەك بوەکە ڕۆژانە دەیان کێشەوداوای ئەوها دێنە بەردەم دادوەر . بۆئەم کێشەیە, دادوەر لە قسەکانی ووتی ئێمە ئەم داوایانە ڕەت دەکەینەوە چونکە لە دوا ڕۆژ کێشە لەگەڵ خێزانەکەیان درووست دەبیٚ . دەبێتە هۆی ئەوەی کە خێزان لەبەر یەکتری هەڵبوەشێتەوە.